کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-9-2007 2:57بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**باڵوێز (شێخ عومر بەرزنجی) وتارێکی گرنگ لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش دەکات ... نالی پێنجوێنی**

سویسرا

لە بەرواری 2007/9/14 لە دانیشتنی شەشەمی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ قسەکردن لەبارەی (جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی هاوچەرخ و ڕقبوون لە بێگانە و دیاردەی ناشیرینکردنی ئایینە کان) تایبەت کرابوو، بەڕێز باڵوێز (شێخ عومەر بەرزنجی سەرۆکی دائیرەی مافەکانی مرۆڤ لە وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵ) بە ووتارێکی گرنگ بەشداری کرد.

ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بە ناوی خوای بە خشندە و میهرەبان

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، سوپاستان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە، هەروەها سوپاسی بەڕێز دکتۆر (دودودێن) دەکەم، کە بریاردەری تایبەت بە جۆرەکانی ڕەگەز پەرستی و ڕقبوون لە بێگانە و دیاردەی ناشیرینکردنی ئایینە کان، بە تایبەت ڕقبوون لە ئیسلام و دەرەنجامە ترسناکەکانی کە دەبنە هۆی بە دەست نەهێنانی تەواوی مافەکان.

سەرەتا پاڵپشتی نوێنەری پاکستان دەکە م کە بەناوی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیەوە قسەی کردو سوپاسی دەکەم. خوشك و برایانی بەڕێز لەم مینبەرە گەورەیەوە تکامان لە بە ڕێزتان لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە بریارێکی ڕوون بۆ گشت وڵاتان دەربکرێت تا ناشیرینکردنی ئاینەکان وەك ئازادی بیروراو ڕاگەیاندن تەماشا نەکرێت، بە ڵکو ئەو کارە وەك سوکایەتی گەلان و نەتەوەکان سەیری بکرێت.

ئێمەی موسڵمانان لەگەڵ ڕێزمان بۆ گشت لایەك کە ژمارەمان لە جیهاندا لە ملیارێك تێدەپەڕێ، هەست بە سوکایەتییەکی گەورە دەکەین، کاتێك هەندێك سوکایەتی ناڕەوا بەرامبەر (موحەمەد پێغەمبە د. خ، یان بەرامبەر حەزرەتی عیسا، یان حەزرەتی موسا، یان هەر پێغەمبەرێکی تر، سەلامی خوایان لە سەربێت) دەکەن و دەڵێن ئازادی و ئازادی ڕادەربرینە. ئێمە بە توندی پرۆتستۆی ئەو جۆرە کارانە دەکەین، تاوانی سوکایەتیکردن بە پێغەمبەران لامان لە تاوانی کوشتن گرانترە، بەو پێیەی کە تاوانی کوشتن سزای تایبەتی لە یاسادا هەیە، جێی خۆیەتی کە ئەو جۆرە سوکایەتییانەش بە تاوان بێنە ژماردن و سزای یاساییان بۆ دابنرێت.

لە بری سوکایە تیکردن با تۆوی ڕۆشنبیری لێبوردەیی و تۆلێرانت و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ئایینی و بیروباوەڕ و خواپەرستی بچێنین. با ئازادی بیرو بۆچون لە خزمەتکردن بە خەڵکدابێت نە سوکایەتی پێکردنیان. خوشك وبرایانی بەڕێز، ئەی نوێنەرانی وڵاتان و حکومەتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و تاکەکان، داواتان لێدەکەم کە ئەم کارە لە ئەستۆی ئێوە دایە. واناوبینم بە بیانووی ئازادی ڕادەربرینەوە ڕێگە بدرێت سوکایەتی بە ملیارێك موسلمان بکرێت.

لای هەمووان ئاشکرایە کە سنووری ئازادی تاکەکان لە ئاستی مافەکانی خەڵکانی تردایە، ئێمە کاتێك ئەو جۆرە سوکایەتییانە ئەبینین هەست بە ئازارێکی زۆر دەکەین، ئازارەکانیشمان ئەو کاتانە زیاتر دەبن کە هەندێ لە دەوڵەتان دەڵێن: ئەوە ئازادی تاکە کەس و ئازادی ڕادەربرین و ڕاگەیاندنە. ئێمە دەڵێین ئایا ڕێگایەکی تر نەبوو بۆ ڕادەربرینی ئازاد جگە لە سووکایەتی بە بیروباوەڕی خەڵکاتر نەبێت؟ ئێمە پێمان وایە کە پارێزگاری لە هەست و نەستی ملیارێك مرۆڤ زۆر گرنگترە لە هەستی گاڵتەکەران و سوکایەتیکەران.

خوشك و برا بەڕێزەکان، خاڵە هاوبەش و کۆکەکان لە نێوان گەلان و نەتەوە و ئاینەکاندا زۆر زیاترن لە خاڵە جیاوازەکان. ئێمەش با ئالای مرۆڤ دۆستانە و مافەکانی مرف بەرزڕاگرین و خاڵە جیاوازەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و تایبەتمەندییەکانی یەکتر قبووڵ بکەین، با ئێمە بانگخوازی دایەلۆك و وتوێژی ئایینەکان و گەلان بین، نەك ململانێ و ناکۆکی.
سوپاستان دەکەم.
شایەنی باسە لە لایەن زۆرێك لە نوێنەرانی وولاتانی ئیسلامییەوە دەستخۆشی و سوپاسی بەڕێز باڵوێز شێخ عومەر بەرزنجی کراو وتەکەیان بە گرنگ دایە قەڵەم.
بۆ بینین و گوێگرتن لە وتارە کە تکایە کلیك لێرە بکە
یان سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکەن:

http://www.un.org/webcast/unhrc/archive.asp?go=070914

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.